

# زینده خەو


**ک. د. ئازاد**

**(بانە)**


هەستا ، لە جێگاکەی دانیشت. دیسانەوە خەونی دیبوو! خەونی دنیای سپی، دنیای سەوز، شین، قاوەیی، پاشان سوور! ئارەقی کردبۆوە!

لە ژنەکەی ڕوانی. لەبەر تیشکی چراکەی کۆڵانەکەدا دەموچاوی ژنەکەی زۆر بێ گوناح و سادە بوو!

(نابێ!... هەر سەرینەکە لەسەر دەمی دادەنێم و خۆی سەر دەدەم... یەک دوو دەقیقە جووڵەی لێ دەبڕم...)!

هاتە بەر پەنجەرەکە، پەنجەرەکەی هێواش کردەوە، کەس لە کووچە نەبوو. دووبارە ڕوانییە ژنەکەی!

(پشیلەی بێ سفەت)!

کەوتە بیری ڕابوردووی؛

ڕۆژێک لە ئیش دەهاتەوە لە سەر ڕێگە (سووری) و هاوڕێکانی دی کە لە مەکتەب دەگەڕانەوە. هەر کە چاوی بە سووری کەوت ڕەنگ بە ڕوویەوە نەما!

سووری و هاوڕێکانی تێی گەیشتن، بەڵام سووریش دەستەکەمێکی لەو نەبوو! هاوڕێکانی سووری وێکڕا دایان لە قاقای پێکەنین!

(بە نیگایەک عاشق دەبن)!

دوو مانگی تر (ئەمیر) و (سووری) بوونە ژن و مێرد!

(دەڵێم بە پرخەی ئەو وەخەبەر هاتم. ویستم بیبەم بۆ خەستەخانە، بەڵام بێ جووڵە بوو و هەستی لێ نەهات! تازە زانیم مردووە)!

ژیانێکی بەختەوەرانەیان بوو، هیوا دۆستی ئەمیر جار جار سەردانی دەکردن، کوڕێکی ڕووخۆش بوو.

ئەم هاتوچوونە بوو بەهۆی ئەوەی کە ئەمیر وەشک کەوێ! زۆر جاران سووری دەگەڵ هیوا دا بە دەنگی بەرز پێدەکەنی. (ئەم تریقە تریقە!)

ئەمیر لەم هەڵسوکەوتەی ئەو دووانە ناڕاحەت بوو. لای کەس نەیدەدرکاند کە بەم هاتو چووە ناڕاحەتە. بە سووریشی نەدەگوت!

وردە وردە تۆوی بەدگومانی لە دڵیا چەکەرەی دەکرد!

(بە هیوا چی من دەگەڵ سووری چۆنم! ژنی خۆمە! هەرپێم خۆش بوو، لێی دەدەم!)

هەر دوێنێ بوو هیوا لە بازاڕ تووشی ئەمیر بوو، دوای قسە و باسان، هیوا وتبووی: (تۆ پیاوێکی زانای، لە ناو کۆمەڵدا دەژی! بۆ دەبێ سووری بڵێ گۆڕاوە و هەمیشە بیانووم پێ دەگرێ)!؟

لە لای هیوا هیچی نەگوت، بەڵام هەر هیوا ڕۆی لەبەر خۆیەوە ناڵاندی: (... کەس نییە بڵێ تۆ چ کارەی؟ ئاخر بە تۆ چی؟ هەی هاوار لەم حاڵە)

بەڵام هەموو شتەکان پێوەندیان بە هیواوە هەبوو.

(ناشکرێ بڵێم ڕێی ماڵی منت نییە)!

ئەمە وڕێنەی هەموو ڕۆژێکی ئەمیر بوو!

دیسان چاوی لە ژنەکەی کردەوە! (قەحبە! دەڵێ نە بای دیوە نە بۆران)!

ڕاکشایەوە!، بەڵام ڕقەکەی نەخەوت!

تۆزێک چاوی لە سەریەک دانا؛ دنیای سپی، پاشان بوو بە سەوز، بوو بە شین، بوو بە قاوەیی، بوو بە سوور....

* * *

سەرینەکەی هەڵگرت، هێواش خستییە سەر دەموچاوی سووری! تۆزێک خۆی سەردا!

سووری کەوتە پەلەقاژە!

زیاتر خۆی سەر سەرینەکە دا! سووری کەوتبۆ لینگەفرە! هەر وەکو مریشکێک کە سەری دەبڕن!

ئارەق لە سەرتاپای دەچۆڕا! سووری لەشی نەدەبزاوت. لە پەلەقاژە کەوتبوو!

(ئاوات دەکوژم)!

هەستا، لە پەنجەرەکە نیزیک بۆوە! بایەکی فێنک لە لەشی درا، فێنک بۆوە، ئارام بۆوە. ڕقەکەشی نیشتەوە!

هاتە سەر تەرمەکەی سووری!

(سووری... سووری..) نەء ناجووڵێ!

بۆ ساتێک پەشیمان بۆوە! (بۆ کوشتم؟)

دوایە دڵی خۆی دایەوە (با بخوا! پشیلەی بێ سفەت)!؟

بەڵام سوپای پەشیمانی بە هێزتر بوو! تا دەهات پتر پەشیمان دەبۆوە!

(باشە خۆ قەت بە چاوی خۆم نەمدیوە خیانەتم لێ بکا...)!

(دایکم دەڵێ: ژنەکەی تۆ فریشتەیە)!؟

(بڵێی دایکم ڕاست بکا؟)

بۆ ساتێک ژیانی بێ سووری هێنایە بەر چاو! دڵی پڕ بوو! هەناسەی کەوتە ژمارە!

نەیدەزانی چ بکا. بۆ هەر لایەک دەچوو، دەموچاوی سووری دەهاتە بەر چاو!

هاواری کرد: (سووری سووری... سووری گیان بم بەخشە..)

دەستێک هێواش یەخەی گرتبوو و ڕای دەژاند؛ (ئەمیر گیان! ئەمیر! بیسمیللا...)

ئەمیر لە خەو ڕاچڵەکی!

هەر کە چاوی بە سووری کەوت، زانی خەونی دیوە! باوەشی بە سووری دا کرد و دەستی کرد بە گریان: (سووری گیان ببوورە... ببوورە سووری گیان...)

سووری خێرا خێرا دەیپرسی: (باشە بۆ؟ بۆچی بتبەخشم؟ چ بووە؟ کوڕە خەونت دیوە!

(ڕاوەستە چۆڕێ ئاوت بۆ بێنم...)!